Available online at http://aran.garmian.edu.krd

ARAN JOURNAL For Languages and Humanities

**Aran Journal for Language and Humanities**

https://doi.org/10.24271/ARN.2025.01-02-12

# کاریگەری هەژموونی دەستەبژێری سیاسی لەسەر سیاسەتی نیشتیمانی لە هەرێمی کوردستان (توێژینەوەیەکی هەڵێنجراوە لە نامەی ماستەر)

**هیلین شهاب سلێمان، ئیبراهیم سادق مەلازادە**

بەشی کۆمەڵناس، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سۆران، هەرێمی کوردستان – عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received | **July, 2025** |
| Accepted | **August, 2025** |
| Published: | **October,2025** |

**Keywords**

**هەژموون، دەستەبژێری سیاسی، سیاسەتی نیشتیمانی، هێزە ئەمنیەکان، سەرچاوەکانی داهات.**

**Corresponding Author**

helin.sleman@soran.edu.iq
ibrahim.sadiq@soran.edu.iq

**پوختە:**

"سیاسەتی نیشتیمانی، ڕێبازێکی فراوانی کارکردنە، یان کۆمەڵێک وردەکاری ئاراستەکراون کە لەلایەن حکومەتەوە لەسەر ئاستی نیشتمان پەسەند دەکرێن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە نیشتمانییەکان". لەو چوارچێوەیەدا، سیاسەتی نیشتیمانی بریتییە لە گوژمەیەک لە پلان و داخوازی لەپێناو بەرژەوەندی باڵای نیشتیمان. سیاسەتی نیشتیمانی زۆر بوار لەخۆدەگرێت بەڵام دوو بوار کە هێزە ئەمنیەکان و سەرچاوەکانی داهاتن هۆکاری سەرەکین بۆ دروستبوونی سیاسەتێکی نیشتیمانی یەکگرتوو لە هەرێمی کوردستان وە ئەم دوو سەرچاوەیە لەلایەن دەستەبژێری سیاسییەوە قۆرخکراون و لەبری ئەوەی لەلایەن حکومەتەوە قۆرخ بکرێن، هەربۆیە گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە هەر دوو سەرچاوەی هێزە ئەمنییەکان و ئابووری لەلایەن دەسەڵاتی حکومەتەوە بەڕێوەببرێن لەپێناو بەرژەوەندی نیشتیمانی نەک لەلایەن دەستەبژێری سیاسییەوە بەڕێوەببرێن لەپێناو بەرژەوەندییە کەسی و گروپیەکانیان، بۆیە ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دۆزینەوەی ئەو ئاستەنگانەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە مۆنۆپۆلی هێزە چەکدارەکان و ئابووری بکات و بۆچی دەستەبژێری سیاسی دەیەوێت هەژموونی بەسەر ئەم بوارانەدا درێژە پێ بدات، وە لێکەوتەکانی ئەم قۆرخکردنە چین لەسەر سەقامگیری هەرێمی کوردستان. داتاکانی توێژینەوەکە لەرێگەی ئامرازی چاوپێکەوتن کۆکراونەتەوە، پشت بە ڕێبازی شیکاری بابەتی بەستراوە بۆ شیکردنەوەی داتاکان. سەرەکیترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەریانخستووە نەبوونی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەسەر هێزە ئەمنییەکان و سەرچاوەکانی داهاتدا، دۆخی دابەشبوونی سیاسی و لاوازی دامەزراوەیی دروستکردووە. دەستەبژێرە سیاسییەکان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان ئەم دۆخە دەپارێزن و ڕێگری لە پێکهێنانی سیاسەتێکی نەتەوەیی یەکگرتوو دەکەن و سەقامگیری گشتی تێکدەدەن. ئەم ئەنجامانە بەو واتایە دێن، بێتوانایی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆنترۆڵکردنی هێزە ئەمنییەکان و سەرچاوەکانی داهات، بووەتە هۆی دابەشبوونی قووڵی سیاسی و لاوازبوونی دامەزراوەکان. ئەم دابەشبوونە لەلایەن دەستەبژێرە سیاسییەکانەوە بەردەوام دەبێت کە هەوڵی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەدەن. بەم کارە، ڕێگری لە هەوڵەکان دەکەن بۆ دامەزراندنی سیاسەتێکی نیشتمانی یەکگرتوو.

## 1. پێشەکی:

لەسەرانسەری جیهاندا دارشتنی سیاسەتی نیشتمانی، بابەتێکی سەرەکی و گرنگە لە حوکمڕانیدا، بەتایبەتی لەو شوێنانەی کە سەرچاوە و دەسەڵات و بڕیاردان لەناو دەستەبژێرەکاندا چڕبوونەتەوە. باڵادەستی دەستەبژێرە سیاسییەکان زۆربەی جار ڕێڕەوی گەشەسەندنی لە قاڵب داوە، کاریگەری لەسەر پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان، لەلایەن حکومەتێکی نیشتمانیی مۆدێرن، بۆ گەیشتن بە سەقامگیرییەکی هەمیشەیی و ڕەنگگرتنی ناسنامەی نیشتمانی بۆ هەرێمی کوردستان چارەنوسسازە.

هەر بۆیە توێژەران دەیانەوێت لێکۆڵینەوە لە پرسێکی گرنگ بکەن، ئەویش کاریگەری هەژمووونی دەستەبژێری سیاسییە لەسەر سیاسەتێکی نیشتیمانی یەکگرتوو. دەستەبژێری سیاسی ئەو توێژە گرنگەی کۆمەڵگەیە کە ڕۆڵێکی بەهێزی لە دیاریکردنی سیستمی سیاسی کۆمەڵگەدا هەیە. دەستەبژێری سیاسی زیاتر ئەو توێژە لە سیاسەتمەداران دەگرێتەوە کە پێگە و ناوەندێکی گرنگیان داگیرکردووە لە سیستەمی سیاسیدا، ڕۆڵ و کاریگەرییەکی بەهێزیان لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیارە سیاسییەکان و جێبەجێکردنیاندا هەیە. (محمدآمین، ٢٠٢١: ١٢٩). هەڵبەت سیاسەتی نیشتیمانی گشتگیرە و زۆر بوار لەخۆدەگرێت، وەک پەروەردە، ، ئابووری ، نەتەوەیی. بەڵام ئەوەی لێرەدا توێژەران دەیانەوێت جەختی لەسەر بکەنەوە بریتییە لە سێکتەری هێزە چەکدارەکان و داهاتی نیشتیمانی، چونکە بەبێ قۆرخکردنی ئەو دوو سێکتەرە لەلایەن حکومەتەوە، هەموو سێکتەرەکانی دیکە زیانیان پێ دەگات. هەر بۆیە ئەوەی کە لێرەدا دەمانەوێت قسەی لەسەر بکەین، خستنەڕووی ئەو ئەرگومێنتەیە کە پێی وایە ئەو دوو سێکتەرە لە هەرێمی کوردستان لەلایەن دەستەبژێری سیاسییەوە مۆنۆپۆلکراون، نەک لەلایەن حکومەتێکی نیشتمانی، ئەمەش هەر لەچوارچێوەی هەمان ئەرگومێنت، کاریگەرییە زیانبەخشەکانی هەژمووونی دەستەبژێری سیاسی لەسەر دانان و جێبەجێکردنی سیاسەتێکی نیشتمانی یەکگرتوو دیاری دەکات، بەتایبەتی لە پەیوەندی بە قۆرخکردنی هەردوو سێکتەری ناوبراو، کە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی بەسەر سەقامگیری و پارچە پارچەبوونی ژینگەی سیاسی هەرێمی کوردستان دروست دەکات.

## 2.1 کێشەی توێژینەوە:

دەسەڵاتی سیاسی هەرێمی کوردستان بە هەژمووونی دەستەبژێری سیاسی دەناسرێتەوە کە باڵادەستی و کۆنترۆڵیان بەسەر پرۆسەی بڕیاردان و دارشتن و جێبەجێکردنی سیاسەت هەیە و ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەر دەگێڕن لە دارشتن و جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتەی کە ئێستا لە هەردوو زۆنی زەرد و سەوزی هەرێمی کوردستان پێڕەو دەکرێت، بەتایبەتی لە هەردوو بواری هێزی چەکداری و داهاتی نیشتیمانی. بەڵام بە سەرنجدان بەو هەژموونەی کە دەستەبژێری سیاسی هەیەتی، بووەتە هۆی دروستبوونی ژینگەیەکی سیاسی پارچە پارچەکراو کە بە ململانێ و ناکارایی تایبەتمەندە، ئەمەش کاریگەرییەکی خراپی لەسەر گەشەسەندنی لایەنەکانی ئابووری و سیاسی و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی دروستکردووە. نمونەی بەرچاوی هەژمووونی حیزبەکان لەڕووی مێژووییەوە زۆر بەڕوونی دیارە، لەنمونەیان؛ شەڕی نێوخۆی نێوان هەردوو هێزی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، ململانێی نێوخۆیی نێوان ئەو دوو لایەنە باڵادەستە و تەنانەت 31ی ئاب و دواتر ڕادەستکردنەوەی کەرکوک بە هێزە عێراقییەکان، ڕەنگدانەوەی نەبوونی حکومەتێکی بەهێزی نیشتمانی بوو لە ئەنجامی نەتوانینی بۆ قۆرخکردنی هێزە ئەمنییەکان و سەرچاوەکانی داهاتی نیشتمانی بەتایبەتیش سەرچاوە نەوتییەکان.(سدیق، ٢٠١٥: ٣٣). هەر بۆیە توێژەران دەیانەوێت هۆکارەکانی پشت دروستنەبوونی سیاسەتێکی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان لەلایەن دەستەبژێرە سیاسییەکان بدۆزنەوە و شرۆڤە بکەن، بەوەی کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر سەقامگیری سیاسی و ئابووری و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی داناوە.

## 3.1. پرسیاری توێژینەوە:

بۆچی دەستەبژێری سیاسی نایەوێت سیاسەتێکی نیشتیمانی لە هەرێمی کوردستاندا هەبێت و هەردوو سێکتەری هێزە ئەمنییەکان و داهاتی نیشتمانی ڕادەستی حکومەتێکی نیشتمانی بکەن؟

## 4.1. ئامانجی توێژینەوە:

- دەستنیشانکردنی ئەو هۆکار و ئاستەنگە بنەڕەتییانەی کە حکومەتی هەرێم نەیتوانیوە مۆنۆپۆلی هێزە چەکدارەکان و سەرچاوەکانی داهات بکات.
- ئاشکراکردنی ئەو هۆکارانەی کە دەستەبژێری سیاسی دەیەوێت هەژمووونی بەسەر هەردوو بواری هێزی چەکداری و سەرچاوەکانی داهاتی نیشتیمانی بەردەوام بێت.
- خستەڕووی کاریگەرییەکانی مۆنۆپۆلکردنی هێزە چەکداری و سەرچاوەکانی داهات لەلایەن دەستەبژێری سیاسی لەسەر سەقامگیری هەرێمی کوردستان.

## 5.1. گرنگی توێژینەوە:

ئاشکراکردنی هۆکار و ئاستەنگەکانی بەردەم دروستبوونی سیاسەتێکی نیشتمانی یەکگرتوو، پرسێکی چارەنووسسازە بۆ ئایندەی هەرێمی کوردستان. لەو نێوەندەدا، ئاشکراکردنی ئەو هۆکارانەی کە دەستەبژێرە سیاسییەکان هەژموونیان بەسەر هێزی ئەمنی و سەرچاوەکانی داهاتی نیشتیماندا چڕکردۆتەوە. ئەوەش لەخودی خۆیدا ڕێگرێکە لەبەردەم دروستبوونی سیاسەتێکی نیشتیمانی یەکگرتوو لە هەرێمی کوردستان. هەر بۆیە گرنگی ئەم توێژینەوە لە دۆزینەوە و ئاشکراکردنی ئەو هۆکارانە دایە کە دەستەبژێرە سیاسییەکان بۆچی دەیانەوێت باڵا دەستیان بەسەر هێزی ئەمنی و سەرچاوەکانی داهاتی نیشتیماندا هەبێت کە بوونەتە ڕێگر لەبەردەم دروستبوونی سیاسەتێکی نیشتیمانی یەکگرتوو لە

هەرێمی کوردستان. هەر بۆیە ئەم تێزە هەوڵێک دەبێت بۆ ئاشکراکردنی هەموو هۆکار و ئاستەنگەکان کە لەکۆتاییدا یارمەتیدەر دەبن بۆ درستبوونی سیاسەتێکی نیشتیمانی یەکگرتوو لە هەرێمی کوردستان.

## 2پێداچوونەوە بە دەق و توێژینەوەکان و کارەکانی پێشوو (Literature Review)

### 1.2.هەژموون:

لە بواری زانستە سیاسییەکاندا چەمکی هەژموون گرنگییەکی زۆری پێدراوە و بەشێوەیەکی بەرفراوان کاری لەسەر کراوە. ڕەگوڕیشەی تێگەیشتن لە هەژموون، دەگەڕێتەوە بۆ قوڵایی مێژووی گریک و هاوواتاکانی لە چینی کۆن تا دەگاتە دامەزرێنەرانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی هاوچەرخ. لەهەمان کاتدا ئەو تێگەیشتنە بەشێوەیەکی بەرفراوان لەناو زانا کلاسیکەکاندا بەربڵاوبوو، تا دەگاتە تێگەیشتنی ریالیست و لیبرالەکان لە کۆتاییشدا بەزۆری بەمانای گرامشی بەکاردەهێندرێت بۆ بیرکردنەوەیەکی میتا-تیۆری سەبارەت بە دەسەڵات و مەعریفە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا. (Schenoni, L.L., 2019:3). دەبینین یەکێک لە ناوە هەرە دیارەکان کە لەو بوارەدا قاڵ بۆتەوە و باسکردن لەو چەمکە بەبێ ناوی ئەو تێپەر نابێت، بریتییە لە فەیلەسوفی ئیتاڵی ئەنتونی گرامشی (Antonio Gramsci) کە لەدیدگایەکی تایبەتەوە بە مەبەستی خوێندنەوەیەکی تازەی بواری ئایدیۆلۆجیای مارکسیزم، کاری لەسەر کردووە، بەتایبەتیش بۆ شیکردنەوەی چۆنییەتی پارێزگاریکردن لە دەستەڵات، نەک تەنها لەرێگەی هێز، یان زۆرەملێ، بەڵکو لەرێگەی ڕەزامەندییشەوە، بەمانای فریودان و دروستکردنی بەرژەوەندی هاوبەش بۆ ڕێژەیەکی زۆری هاوڵاتییان، لەدەرەوەی دامەزراوەکاندا.

بەوجۆرە، هەژموون؛ بریتییە لە زاڵبوونی تاکێک یان گروپێک بەسەر گروپێکی دیکەدا، زۆرجار لەچوارچێوەی هەندێک ناوچەی دیاریکراو یان لەسەر ئاستی جیهانی لە بوارەکانی سیاسەت، کولتوور و ئابووری، وەک ئەوەی لە هەرێمی کوردستاندا دەبیندرێت. ڕەنگدانەوە و ئەنجامی ئەم هەژمونەش لەسەر بەرامبەر، لەسەر تاک بێت یا گروپ، یا دۆخی سیاسی هەر وڵاتێک بەئاسانی دەتواندرێت ئاماژە بە ڕەهەندەکانی بکرێت. وەک ئەوەی گرامشی سەبارەت بە هەژموونی کۆلۆنیالیزم لە ئەفریقا ئاماژەی پێدەکات؛ "ژمارەیەک لە جوتیاران لە ئەفریقا، ستەم و زاڵبوونیان لەناو خۆیاندا نواندووە (internalised)، بەمانای لەخۆگرتن، قبوڵکردن و ملکەچکردن، یان بەمانای بڕەودان بە "کولتووری بێدەنگی" (Prentki, T. and Preston, S. eds., 2009:197). ئەمەش ڕێک دەرەنجامی سەپاندنی هەژموونە بەسەر کۆمەڵگە و دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی.

لە هەرێمی کوردستانیش، هەژموونی دەستەبژێری سیاسی زۆر بەئاشکرا دەبیندرێت، لە پەیوەندی بە کۆنترۆڵکردنی بوارەکانی سیاسەت و ئابووری و سەربازی لەدەرەوەی دەستەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی لەرێگەی کۆنترۆڵکردنی سەرچاوە ئابووری و سەربازییەکان کە دوو بنەمای گرنگن بۆ دروسبوونی ئاسایشی نیشتیمانی و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی. (Çelenk and Deniş, 2020: 1).

### 2.2.دەستەبژێر: (Elites)

لە سەدەی حەڤدەهەمدا چەمکی دەستەبژێر (Elite) بەکاردەهات بۆ پیاهەڵدانی کەلوپەلی باش و بەرهەمهێن، پاشان ئەو دەستەواژەیە هەر لەو سەدەیەدا بۆ وەسفکردنی گروپە کۆمەڵایەتییە باڵادەست و دیارەکانی وەک خاوەن پلە و پایە باڵاکانی ئەریستۆکراسی و یەکە سەربازییەکان بەکار دەهێنرا. هەرچەندە بەپێی نوسراوی فەرهەنگی ئۆکسفۆردی ئینگلیزی (oxford English dictionary) یەکەمین بەکارهێنانی چەمکی دەستەبژێر لە زمانی ئینگلیزییدا لەساڵی ١٨٢٣ بۆ ئاماژەدان بە گروپە کۆمەڵایەتییەکان کەڵکی لێوەرگیراوە، بەڵام تا کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم ئەم زاراوەیە لە گوتاری کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئەوروپادا بەشێوەیەکی بەرچاو کەڵکی لێوەرنەدەگیرا. بۆیە هەر لەو سەروبەندەدا چەمکی دەستەبژێر لە ڕێگەی تیۆرییە کۆمەڵناسییەکانەوە بەتایبەتی نوسراوەکانی فلفریدۆ پاریتۆ(Vilfredo Pareto) دا برەوی سەند. ( باتامۆر، ٢٠٠٨: ٥ ).

فلفریدۆ پاریتۆ (Vilfredo Pareto) بیرمەندی ئیتاڵی لە شیکارییەکانی بۆ دەستەبژێر، "لە بیرۆکەی جیاکارییەوە دەست پێدەکات، واتە نایەکسانی لە تواناکانی تاکەکاندا. مەبەستی ئەوەیە مرۆڤەکان بەسروشتی خۆیان لە بەهرەی سەرکردایەتی و داهێنان و سیفەتە کەسییەکانی دیکەدا جیاوازن. بەهۆی ئەم جیاوازییەش بەرزدەبنەوە بۆ پێگەی دەسەڵات و دەبنە بەشێک لە دەستەبژێر. ئەم نایەکسانیانە دەتوانن هەم دەستکرد و هەم سروشتی بن، جیاوازییە دەستکردەکان بەهۆی کولتوور و ژینگە و بارودۆخی مێژوویەوە لەقاڵب دەدرێن، لەکاتێکدا جیاوازییە سروشتییەکان لە گۆڕانکارییە سروشتییەکانی نێوان تاکەکانەوە سەرچاوە دەگرن. بەیەکەوە دۆخێک دروست دەکەن، کە هەندێک کەس باشتر توانای سەرکردایەتیکردنیان هەبێت بە بەراورد بە هەندێکی دیکە، ئەمەش دەبێتە هۆی دابەشکردنی نایەکسان لە دەنگ و دەسەڵاتەکان". (حسین، ٢٠١٨: ٦).

هەروەک باسکرا دەستەبژێرەکان هەژموون و کاریگەرییەکی زۆریان بەسەر کۆمەڵگەدا هەیە، لەبەرئەوەی دەسەڵاتی سەرەکییان هەیە لە بڕیاردا کە پێکدێن لە: سەرکردە باڵاکانی حکومەت، سەربازی و بازرگانی، سەندیکاکانی کرێکاران و هەروەها سەرکردەی حیزبە سیاسییەکان، پەروەردەیی، کولتووری و ڕێکخراوە گرنگە ئاینییەکان. هەروەها ئەو دەرئەنجامانەی، کە لەلایەن دەستەبژێرەکانەوە کاریگەریان لەسەرە، بریتیین لە سەقامگیری بنەڕەتی یان ناسەقامگیری دەسەڵاتە سیاسییەکان، سیاسەتە سەرەکیەکانی حکومەتەکان و فۆرم و کارکردنی دامەزراوە سیاسییەکان. (Best, Higley, 2018: 29).

هەموو ئەوەش مانای وایە، دەبێت توێژی دەستەبژێر پۆلێن بکرێت، کە لەسەر ئاستی جیاوازدا کار دەکەن. لەڕوانگەی گرامشیدا "ئەوەی دەتوانین بیکەین بۆ ئێستا، جێگیرکردنی دوو ئاستی سەروو ژێرخانی سەرەکییە (Superstructural): یەکەمیان: ئەو ئاستەی، کە دەتواندرێت پێی بگوترێت کۆمەڵگەی مەدەنی، واتە کۆی ئۆرگانەکان کە بە شێوەیەکی باو پێی دەگوترێت تایبەت، دووەمیشیان پێی دەگوترێت کۆمەڵگەی سیاسی یان دەوڵەت. ئەم دوو ئاستە لەلایەکەوە لەگەڵ ئەرکی هەژموونیدا دەگونجێت، کە گروپی باڵادەست یا دەستەبژێر (هەژموونیدار)، لە سەرانسەری کۆمەڵگەدا بەکاریدەهێنێت، لەلایەکی دیکەوە لەگەڵ ئەرکی باڵادەستی ڕاستەوخۆ یان فەرمانڕەوایی، کە لە ڕێگەی دەوڵەت و حکومەتی یاساییەوە جێبەجێ دەکرێت. (Prentki, T. and Preston, S. eds., 2009:197).

## 3.2. جۆرەکانی دەستەبژێر بە گشتی:

### 1. دەستەبژێری ئابووری:

ئەو کەسانە یان گروپانەن کە سەرچاوە داراییەکان و سامان و پیشەسازییە گەورەکان کۆنترۆڵ دەکەن. لەلایەکی دیکەوە ڕاستە دەستەبژێری سیاسی بزوێنەری سەرەکی دەوڵەتن، بەڵام بەسەرنجدان لە کاریگەری دەستەبژێری ئابووری دەردەکەوێت، کە بەبێ سەرچاوە ئابووری و دەستەبژێرە ئابوورییەکان، ناتواندرێت کاروبارەکانی دەوڵەت کۆنترۆڵ بکرێن، پەیوەندییەکی تەواوکەر لە نێوانیاندا هەیە. دەستەبژێرە ئابوورییەکان کەسانی بەتوانان لە دارشتنی ئابووری و سەقامگیری و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتیدا، بەتایبەتی لەو شوێنانەی کە سەرچاوەکان لەدەستی چەند دەستەبژێرێکی بەهێزدا چڕبوونەتەوە. (إسلام، 2018: 21 ).

### 2. دەستەبژێری سەربازی:

لەو کەسانە پێکدێن کە گروپە نیمچە سەربازییەکان و دامەزراوە ئەمنییەکان و هێزە چەکدارەکان بەڕێوە دەبەن و فەرمانڕەوایی یەکێک لەو گروپە سەربازییانە دەکەن. بیرمەندی بەناوبانگ باتامۆر، پێی وایە دەستەبژێری سەربازی کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر ژیانی سیاسی و هەروەها دروستکردن و بڕیاردانی تایبەت لە وڵاتانی نادیموکراسی و دیکتاتۆریدا هەیە. دەستەبژێری سەربازی خاوەنی دەسەڵاتە وەک هەڵگرتن و بەکارهێنانی کەرەستەی سەربازی و چەک، کە لەبەر دەستی دانراوە بەپێی یاسا. ( زردومي، 2017: 553).

### 3. دەستەبژێرە سیاسییەکان:

ئاماژەن بۆ ئەو کەسانەی کاریگەرییان لەسەر بڕیاری سیاسییدا هەیە و بەشداری بەرفراوانیان لە پرۆسەی دارشتنی سیاسەتی گشتی لە وڵاتدا هەیە. ( الشيخ، ٢٠٢٣: ٦١١). هەربۆیە بیرتۆن و هایلی بەم شێوەیە پێناسەی دەستەبژێری سیاسی دەکەن، کە بریتین لەو کەسانەی پۆستی باڵایان هەیە لە دامەزراوە حکومییەکان، ئابووری، هێزە ئەمنییەکان و خاوەن پۆستە باڵاکان لە حزبەکان و بەشداری لە بڕیاردانی سیاسی نیشتیمانیدا دەکەن و ڕۆڵێکی گرنگ لە دارشتن و جێبەجێکردنی سیاسەت و پێکهاتەکانی حوکمرانی و دامەزراوەکانی دەوڵەتدا دەگێڕن. (Arana ,2017: 3)

لەسەر ئەو بنەمایە سەرهەڵدانی دەستەبژێری سیاسی لە هەرێمی کوردستان، دەگەڕێتەوە بۆ دروستبوونی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد، دوای ئەوەی کوردستان بەسەر چوار دەوڵەت-نەتەوە دابەشکرا و بێبەشکرا لە مافە ڕەواکانی خۆی. لەو بارەیەوە ستانسفیلد دەڵێت "سەرهەڵدانی دەستەبژێری سیاسی لە هەرێمی کوردستان دەتوانین بڵێین لە دوای جەنگی یەکەمی جیهان و ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی و دابەش بوونی خاکی کورستان لە نێوان سوریا، تورکیا، عێراق و ئێران بەشێوەیەکی ڕیشەیی سەرهەڵدەدات (Stansfield, 2003: 60). هەروەها مایکل گەنتەر پێی وایە سیاسییەکان لە کوردستان لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق، دەستیان کرد بە چەسپاندنی کاریگەری و هێزی خۆیان. (Gunter, 2008:35). لەلایەکی دیکەوە لە کوردستان حزبە سیاسسەکان تێکەڵی هەموو کایەکانی ژیانی خەڵکی کوردستان بوونە و ڕۆڵیان لە هەردوو بواری نێگەتیف و پۆزەتیڤدا بینیوە لە تەواوی پرۆسەی سیاسی کوردستاندا.

دەتوانین بڵێن دامەزراندنی حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی بیستەم، حزبە سیاسییەکان کە بەتایبەتی هەر دوو زۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٦ ئابی ١٩٤٦ و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە ١ حوزەیرانی ١٩٧٥ دامەزران. (Gunter, 2008: 13).

## 4.2.سیاسەتی نیشتیمانی:

دەکرێت مانا و ڕەهەندەکانی لەگەڵ خودی دەستەواژەکەدا بێت. لەو بارەیەوە تۆماس دای دەڵێت "سیاسەتی گشتی، هەر شتێکە حکومەتەکان هەڵیبژێرن، بیکەن یا نەیکەن" (Dye, T.R., 1992:3). بەو مانایەی ئاڕاستەیەکی نیشتمانی هەیە، پێویستە حکومەتێک هەبێت توانای کردن یا نەکردنی ئەو جۆرە سیاسەتەی هەبێت، لەهەموو سێکتەر و دامەزراوەکاندا. بەو مانایەی حکومەتێک هەبێت بۆخۆی ناوەندی بڕیاردان بێت. ئەم جۆرە حکومەتە لە وڵاتەکانی جیهانی سێیەم، بەزەحمەت دەست دەکەوێت، چونکە کەم وایە، یەکێک لەو وڵاتانە خاوەن دامەزراوە و کولتورێکی دیموکراسی بێت. ئەمەش وادەکات، لەجیاتی ئەوەی حکومەت ناوەند بێت، ناوەندبوونەکە بەمانای توانای بڕیاردان و کردن یا نەکردن، بگوازرێتەوە بۆ ناوەندی دیکە و حکومەت وەکو ناوەند پاشەکشە بکات.

هەر بەهەمان ئاڕاستە، پرۆفیسۆری ئەمریکی تایبەتمەند لە سیاسەتی نیشتمانی، گای پیتەرس پێی وایە "سیاسەتی گشتی، ئەو کۆمەڵە چالاکییانەن، کە حکومەتەکان بەمەبەستی گۆڕینی ئابووری و کۆمەڵگەکەیان ئەنجامی دەدەن(Peters, B.G., 2021:1). لەو بارەیەوە پیتەرس پێناسەکەی لەسەر بنەمای پێناسەی تیۆریستی ئەمریکی هارۆڵد لاسوێل بینا دەکات، کە دەڵێت "کێ چی بەدەست دێنێت؟"، ئەو

پێیوایە لاسوێل یەکێک بوو لەو یەکەم زانا کۆمەڵایەتییانەی، کە بە شێوەیەکی سیستماتیک لێکۆڵینەوەی لە سیاسەتی گشتیدا کردووە. پێناسەی لاسوێل بۆ سیاسەت "جەختکردنەوەیە لەسەر پرۆسەی سیاسی لە کۆتاییدا پەیوەستە بە بەرهەمهێنانی سوود و تێچوون، بۆ ئەندامانی کۆمەڵگە" (Peters, B.G., 2021:1).

بەوجۆرە، سیاسەتی نیشتیمانی بریتییە لەهەر یەکێک لەسیاسەتەکانی پەروەردە، باج و خەرجییە گشتییەکان، جێبەجێکردنی یاسا و تەندروستی، لەپێناو گەشەکردن و بەئامانجی دروستبوونی سەقامگیری نیشتیمانی. بۆیە دروستکردن و جێبەجێکردنی سیاسەتە نیشتیمانیەکانیش، کە لە لایەن بەرپرسانی حکومەتەوە پەرەی پێدەدرێت، کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر دروستکردنی سیاسەتێکی نیشتیمانیی یەکگرتوو و بەتایبەتی لەسەر هەر دوو لایەنی گرنگی سیاسەتی نیشتیمانی، کە بریتیین لە سەرچاوە ئابوورییەکان و هێزە ئەمنییەکان، هەیە. (Anderson, 2003: 4, 5).

## 5.2.هێزە ئەمنییەکان:

بڕبڕەی پشتی هەر دەستەڵاتێکن لە هەموو سیستمە سیاسییەکانی دونیادا، بۆیە هەر دەوڵەتێک مۆنۆپۆلی هێزە ئەمنییەکانی نەکات، ناتوانێت دەستەڵاتی خۆی بەسەر هیچ سێکتەرێک و دامەزراوەیەکدا بسەپێنێت. لەو ڕوانگەیەوە نۆربێرت ئەلیاس پێیوایە "پێکهێنانی دەوڵەت، بەتایبەتی خۆی لە پێکهێنانی مۆنۆپۆلکردنی توندوتیژی و باجەکاندا دەبینێتەوە"(Dunning, E. Hughes, J,. 2012:107). لێرەدا فۆرمی دەوڵەت، بەمانای مۆنۆپۆلکردنی توندوتیژییە، کە خۆی لە هێزە ئەمنییەکاندا دەبینێتەوە، لەو ڕێگەیەوە، دەتوانێت مۆنۆپۆلی کۆکردنەوە باج و داهاتەکان بکات. کەواتە، هێزە ئەمنییەکان بریتیین لە قەوارە دامەزراوەییەکان، کە پێکهاتوون لە پۆلیس و هێزە چەکدارەکانی وەک پێشمەرگە و خزمەتگوزارییە ئەمنییەکانی دەوڵەت، کە بەرپرسیارن لە پاراستنی یاسا و ڕێسا و پاراستنی نەزمی گشتی و دەستەبەرکردنی ئاسایشی نیشتیمان. (De Rover,1999: 639). لەپێناو دەستەبەرکردنی ئاسایشی نیشتمانیش دەوڵەت ئەو مافەی هەیە مۆنۆپۆلی توندوتیژی بکات و هەر کاتێک پێویستیکرد بەکاریان بێنێت، دەتوانێت بەکاریان بێنێت.

لەو ڕوانگەیەوە، دەتوانین تەماشای واقیعی هەرێمی کوردستان بکەین. لە ڕواڵەتدا یەک هێزی پێشمەرگەمان هەیە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا، هێزێکی دابەشبووی بەسیاسییکراوە، جیا لەو دوو هێزانەی، کە لەدەرەوەی وەزارەتی پێشمەرگەدان و لەلایەن هەردوو هێزی سیاسیی سەرەکی مۆنپۆلکراون. چاپمان یەکێکە لەو توێژەرانەی شیکارییەکی زۆری بۆ کەرتی ئاسایشی هەرێمی کوردستان کردووە، چاپمان پێیوایە دابەشبوونی هێزە ئەمنییەکان لەلایەن دەستەبژێر و حزبە سیاسییەکانەوە و مۆنۆپۆلیکردنیان، بوتە هۆکارێک بۆ دروستبوونی ناتەبایی و نەبوونی یەکڕیزی نێوانیان، ئەمەش هۆکارێک دەبێت بۆ دروستبوونی کاریگەرییەکی خراپ لەسەر ئاسایشی نیشتیمانی و دروستبوونی ناسەقامگیری( Gunter, 2011: 508).

هەروەها هێزە ئەمنییەکان بەتایبەتی هێزی پێشمەرگە بەهۆی کوتلەسازی و باڵباڵێنی نێوان حیزبە کوردییەکانەوە دابەش بوون بەسەر حیزبە سیاسییەکان یان سەرکردە سیاسییەکان، ئەمە کێشەیەکی گەورەیە و بە زیانی سیاسەتی نیشتیمانی هەرێمی کوردستانە، لەبەر دوو هۆکار، یەکەم: ئەمە دەبێتە هۆی لاوازکردنی پرۆسەی دیموکراسی چونکە لەڕێگەی هێزی ڕووتەوە سەرکردە سیاسییەکان ویست و ئامانجەکانی خۆیان دەسەپێنن نەک لەڕێگەی پرۆسەی دیموکراسییەوە. ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە هێزی پێشمەرگە وەک میلیشیای تایبەتی بەرپرسەکان دەردەکەوێت(ڕۆبن، ٢٠١٦: ١٠١).

## 6.2.باج و سەرچاوەکانی داهات:

بەشێوەیەکی گشتی باج و سەرچاوەکانی داهاتی هەرێمی کوردستان دابەشی سەر سێ جۆر دەبن، بەشی سەرەکی لە سەرچاوەکانی داهات بریتییە لە نەوت و گاز ،کە سەرچاوەی سەرەکین بۆ بەدەستهێنانی داهات لە هەرێمی کوردستاندا. هەورەها دووەم سەرچاوەی دیکەی ئابووری بریتییە لە کشتوکاڵ، بەشەکەی دیکەش لایەنی گەشتیاریی و خانووبەرە و بازرگانییە، بەڵام لە بەشی سێیەمدا هەرێمی کوردستان پێویستی بەژێرخانێکی زیادە هەیە تا ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت لە گەشەپێدانی ئابووریدا(Sherwani and Ahmed, 2023: 88). لێرەدا شێروانی یەکێک لە سەرچاوەکانی داهاتی گرنگی هەژمار نەکردووە، ئەویش باجە. باج لەهەموو ولاتانی دونیادا یەکێکە لە سەرچاوە گرنگەکانی داهات. هەروەها هەرێمی کوردستان جگە لە نەوت، پڕە لە سەرچاوەی کانزایی گرنگ وەکو ( سەرچاوەی ئاو، خەلوزی بەردین، کەرەستەی خاو، پیشەسازی، مەرمەڕ و داروبەرد)، واتە بەشێوەیەکی گشتی هەرێمی کوردستان زۆر سەرچاوەی جۆراوجۆری هەن بەڵام لە هەموویان گرنگتر نەوتە، کە دەوڵەمەندترین سەرچاوەکانی نەوتی جیهانی لە کوردستان دایە ئەویش لە شاری کەرکوک - بابەگوڕگوڕ( پیرباڵ، ٢٠٠٢).

سەلیم (2025) باس لەوەدەکات سیستەمی سیاسی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەتا لەسەر بنەمای ڕێسا و دامەزراوەیی نەبێت، ناتوانێت ناسەقامگیری و ململانێی نێوان دەستەبژێرە سیاسییەکان چارەسەر بکات و هانیان بدات بۆ کارکردن لەبەرژەوەندی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان، بۆیە دەڵێت چاکسازی ڕاستەقینە پێویستی بە دامەزراندنی میکانیزمی لێپرسینەوە بۆ دابەشکردن و بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئابوورییەکان لە هەرێمی کوردستان دەێت، چونکە بەبێ ناوەندگەرایی و کۆنترۆڵی حکومەت بەسەر سەرچاوەکان سیاسەتی نیشتیمانی یەکگرتوو و ئاسۆی سەقامگیریی تاریک دەمێنێتەوە، بۆیە کۆنترۆڵی حکومەت بەسەر سەرچاوەکان هۆکارێکی گرنگ دەبێت بۆ یەکگرتوویی و سازان لەسەر دروستبوونی سیاسەتێکی نیشتیمانی یەکگرتووو جێبەجێکردنی، چونکە لەچوارچێوەیەکی ئاوادا سەرچاوە ئابوورییەکان گەر لەژێر کۆنترۆڵی حکومەت نەبێت لەبری ئەوەی بزوێنەری گەشەسەندنی نەتەوەیی بن، دەبنە کەرەستەی کۆنترۆڵی سیاسی.

## 7.2.پێداچوونەوە بە ئەدەبیاتی پێشوو:

مۆنۆپۆلکردنی توندوتیژیی و سەرچاوەکانی داهات لەلایەن دەوڵەتەوە، دیاردەیەکی جیهانییە، پێچەوانەکەشی لەزۆر ناوچەی دونیادا، بەتایبەتیش لە رۆژهەڵاتی ناوەراست و ئەفریقا دەبیندرێت. لەو روانگەیەوە، هەوڵ دەدەین وێنەیەکی گشتیی لەو بارەیەوە لەرێی ئەدەبیاتی پێشووەوە، بخەینەروو. لە ناوەندە ئەکادیمییەکاندا توێژینەوە دەربارەی دەستەبژێری سیاسی زۆر و جۆراوجۆرن، بەڵام کاریگەرییان لەسەر پرسی سیاسەتی نیشتیمانی زۆر بە دەگمەن تیشکی خراوەتەسەر. لەم باسەدا وەک پێویستییەک بۆ توێژینەوەی زانستی، ناوەرۆکی ژمارەیەک توێژینەوە دەخەینەروو کە پەیوەندییان بە بابەتی ئەم توێژینەوەیە هەیە.

یەکێک لەو کارە گرنگە ئەکادیمییانەی، لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە، کە تیایدا جەخت لەسەر رۆڵی دەستەبژێری سیاسی کراوەتەوە وەک هۆکارێکی گرنگ بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵگەی کوردی، بریتییە لە" **رۆڵی دەستەبژێری سیاسی لە گەشەپێدانی کۆمەڵگە"** لە ٢٠٢١ لە لایەن توانا عثمان محمدآمین ئەنجامدراوە. تیایدا تیشکدەخاتە سەر بەرپرسیارێتی دەستەبژێرە سیاسییەکان، کە رۆڵی سەرەکی دەگێرن لە دارشتنی سیاسەتە گشتییەکان و ئاراستەکردنی رەوتە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان بۆ باشترکردنی ژیانی تاکەکان. تیایدا ئاماژە بەوە دەکات، کوالیتی سەرکردایەتی و سەقامگیری سیاسی هۆکاری گرنگن بۆ شکست یان سەرکەوتنی هەوڵەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵگە.

لەلایەکی دیکەوە توێژەر لایەنە نەرێنییەکانی کاریگەریی دەستەبژێرە سیاسییەکانی نەخستۆتەروو، وەک خراپ بەرێوەبردن یان گەندەڵی، ئەمەش لەگشتگیری شیکارییەکە کەمدەکاتەوە، کە پێویستبوو ئەنجامیدابوایە.

توانا عثمان محمدآمین لە کۆتاییدا بەچەند ئەنجامێک گەیشتووە کە گرنگترینیان بریتییە لە ئەوەی هۆکاری کولتووری و بەهاکان رۆڵیان هەیە لەسەر چۆنیەتی ئەدای دەستەبژێرە سیاسییەکان، بەمەش کاریگەرییان لەسەر دابەزین یان پێشکەوتنی کۆمەڵگەی کوردی هەیە. هەروەها دەرکەوتووە دەستەبژێری سیاسی رۆڵێکی دیار دەگێرێت لەرێگەی کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگە و دامەزراوەکانی دەوڵەت.

کارێکی دیکەی ئەکادیمی گرنگ ئەنجامدراوە لەژێر ناونیشانی **" شیکاری کۆمەڵناسی بۆ کەموکوری و ئەرکی کۆمەڵایەتی دەستەبژێرە سیاسییەکان لە پێشخستنی ئاسایشی نیشتمانی لە کۆماری ئیسلامی ئێران"،** کە لێرەش ژمارەیەک توێژەر لە (2018) ئەنجامیان داوە، بەهەردوو میتۆدی چەندایەتی و چۆنایەتی. لێرەدا جەخت لەسەر دەستەبژێرە سیاسییەکان کراوەتەوە، کە رۆڵێکی گرنگیان لە گەشەپێدانی کۆمەڵگەکان لە رەهەندە جیاوازەکاندا هەیە. خراپی و باشی دۆخی هەر وڵاتێک تارادەیەکی زۆر پەیوەستە بە رۆڵی دەستەبژێرە سیاسییەکان، کە رۆڵیان هەیە لە جێبەجێکردنی بەرنامە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان و چۆنیەتی بەدیهێنانی خواست و داواکاریەکانی خەڵک.

توێژەر ئەوەی خستۆتەروو، کە دەستەبژێرە سیاسییەکان دەتوانن رۆڵێکی ئەرێنی بگێرن لەرێگەی پێشخستنی یەکێتی نەتەوەیی و هەماهەنگی هەوڵەکان بۆ پەرەپێدانی ئەو سیاسەتانەی کە ئاسایشی نیشتیمانی بەرزبکەنەوە. ئەگەر دەستەبژێرەکان بتوانن بەرۆحی هاوبەش کاربکەن، ئەوان بەشدارییدەکەن لە بەرزکردنەوەی سەقامگیری و ئاسایش، لەلایەکی دیکەوە کاتێ دەستەبژێرە سیاسییەکان هەریەکێکیان بەپێی بەرژەوەندی خۆیان مامەڵە دەکەن بەمەش ناکۆکی لەنێوانیاندا سەرهەڵدەدات، ئەمەش رەنگە ببێتە هۆی تێکدانی سیاسەتی نیشتیمانی و زیادبوونی ناسەقامگیری.

دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکەش دەریانخستووە، سەرکەوتنی دەستەبژێرەکان لە بەهێزکردنی ئاسایشی نەتەوەیی تارادەیەکی زۆر پەیوەستە بەوەی کۆمەڵگە سیاسەتەکانیان قبوڵ بکات. لە حاڵەتەکانی لاوازی متمانە لەنێوان دەستەبژێر و خەڵکدا، ئەمە رەنگە ئاسایشی نیشتیمانی تێکبدات. ئەمەش بۆشاییەکی زانستی دروست دەکات،کە چۆن پەیوەندیی نێوان دەستەبژێرە سیاسییەکان و خەڵک، کاریگەریی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی دەبێت لە داهاتوودا، هەروا پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاترە لەسەر بەرەوپێشبردنی یان تێکدانی ئاسایشی نەتەوەیی لەچوارچێوەی مێژوویی و کولتووری جیاوازدا.

لە توێژینەوەیەکی دیکەدا، کە گرنگی بە هاوفیکری نادات، بەڵام زیاتر لەسەر کاریگەریی دەستەبژێرە سیاسییەکان دەوەستێت لە پەیوەندی بە یەکێتی نەتەوەییەوە، کە تا ئاستێکی زۆر لەرووی دابەشبوونی سیاسییەوە هاوشێوەن لەگەڵ بارودۆخی هەرێمی کوردستان. توێژینەوەکە بریتییە لە **"دەستەبژێرە سیاسییەکانی فەلەستین و کاریگەرییەکانیان لەسەر یەکێتی نەتەوەیی؛ دەستەبژێری دووەمی ئەنجوومەنی یاسادانانی فەلەستین وەک نمونە"** لەلایەن توێژەرێک بەناوی مەیسون محەمەد ئامادە کراوە و لە (2012) لە فەلەستین ئەنجامدراوە.

لێرەدا باس لەو بنەما بنەرەتییانە کراوە، کە دابەشبوونی سیاسی لەنێوان فراکسیۆنەکاندا دروستکردووە و کاریگەریی لەسەر گەیشتن بە یەکێتی نەتەوەیی داناوە. توێژەر بەشێوەیکی رەخنەگرانە ئاماژە بەهەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسی پشت ئەم دابەشبوونانە دەکات. چونکە ململانێی نێوان دەستەبژێرە سیاسییەکانی فەلەستینییەکان، لە دەرەوەی دەوڵەتداری و سیستمێکی سیاسی مۆدێرن، لەبوارەکانی ئابووری، سیاسی کۆمەڵایەتی بۆتە هۆی کێشە لەبونیادی سیستمی سیاسی و حوکمرانی لە فەلەستین.

هەروەها توێژەر جەخت لەسەر خاڵێک دەکاتەوە، کە پەیوەندیی بە واقیعی سیاسی فەلەستینەوە هەیە، لەرووی جێبەجێکردن و خواستەکان بۆ یەکریزی و یەکگرتن لەرووی تیۆرییەوە. جەخت لەوە دەکاتەوە، کە کوتلە سیاسییەکان هەرگیز پابەند نابن بەو مەرج و بڕگانەی لەسەری رێکدەکەون.

هەربۆیە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەریانخستووە، ململانێ و نەبوونی کۆدەنگی نێوان دەستەبژێرە سیاسییەکان کاریگەریی هەبووە لەسەر نەبوونی یەکێتی نەتەوەیی و دروستبوونی کاریگەریی نەرێنیش لەسەر دابەزینی توانای دامەزراوەکانی یاسادان بۆ دووبارە چەسپاندنەوە و بنیاتنانەوە.

## 3. میتۆدۆلۆژیا:

### 1.3.کۆمەڵگەی توێژینەوە:

کۆمەڵگەی توێژینەوەی ئێمە بریتییە لە هەرێمی کوردستان. هەرێمی کوردسان وەکو یەکەیەکی ئیداری لەچوارچێوەی سیستمی فیدڕالیدا. ڕاستە هەرێمی کوردستان دەوڵەت نیە، تا چرکەساتی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و پێشهاتەکانی دوای ڕیفراندۆم، سیستمی سیاسیی هەرێمی کوردستان زۆر لە سیستمی فیدڕاڵی زیاتر بوو، بەڵکو وەکو دەوڵەتێک بوو لەناو دەوڵەتێک. بۆیە، تواناکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەتەواوی لەبار بوون بۆ ئەوەی حکومەتێکی نیشتمانی بە هەموو بنەما مۆدێرنەکانییەوە، بینا بکات، دوور لە هەر دەستوەردانێکی دەرەکی، تەنانەت ئەگەر وەها خواستێک هەبێت لەلایەن دەستەبژێری سیاسی، ئەمڕۆش هەرێمی کوردستان پێویستی بە دامەزراوەی نیشتمانی و حکومەتێکی هەرێمی مۆدێرن هەیە.

### 2.3. جۆر و قەبارەی نمونەی توێژینەوە:

نمونەی توێژینەوە بریتییە لەو کەسانەی کە زۆرترین زانیارییان سەبارەت بە بابەتی توێژینەوەکە هەیە، جۆری نمونەی توێژینەوەکە لێرەدا بەکارهاتووە نمونەی نائەگەریی تۆپەڵەبەفرە، لەم جۆرەدا توێژەر سەرەتا چەند کەسێک، کە تایبەتمەندی پەیوەندیداریان هەیە دەستنیشان دەکات و چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا دەکات، پاشان داوای ناوی کەسانی دیکە لەم بابەتانە دەکرێت، کە خاوەنی هەمان سیفەتەکانی ئەوانن. (Berg, 2001: 31). قەبارەی نمونەی توێژینەوە پێکهاتووە لە ١٤ کەس.

### 3.3.کۆکردنەوەی داتا:

بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری پشت بە ئامرازی چاوپێکەوتن بەستراوە کە یەکێک لە ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری دادەنرێت. بەشێوەیەکی گشتی چاوپێکەوتن، بریتییە لە پرۆسەیەک، کە تیایدا توێژەر و بەشداربوو گفتوگۆ دەکەن لەسەر پرسیارەکانی توێژینەوەکە لەو شوێنەی کە لێتوێژراو ئامادەیە چاوپێکەوتن بکات.(Sharan, 2009: 87) ئامانجی سەرەکی چاوپێکەوتن بەدەستهێنانی زانیاریی قوڵ و تایبەتە، کە توێژەر دەیەوێت بزانێت چی لە هزری هەر یەکە لە لێتوێژراواندا هەیە، سەبارەت بە بابەتی توێژینەوەکە ڕوونی دەکاتەوە. (Seidman, 2006: 9). لەم توێژینەوەیەدا چاوپێکەوتنی نیمچە ڕێکخراو بەکارهاتووە بۆ مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری، لە ڕێگەیەوە توێژەر بابەتی توێژینەوەکەی دەخاتەڕوو و لێتوێژراویش لە چوارچێوەی پرسیارەکاندا وەڵامدەداتەوە و گفتوگۆی قوڵ دەربارەی پرسی لێکۆڵینەوە دەکرێت. (سازگارا، ٢٠٠٣: ٧٦).

### 4.3. شیکردنەوەی داتا:

لەم توێژینەوەیەدا بە مەبستی شیکردنەوەی داتاکان، توێژەر سودی لە میتۆدی "شیکاری وەسفی" وەرگرتووە، کە بریتییە لە دروستکردنی تەوەرە لەو داتایانەی کە لە زانیارییەکانی توێژینەوەوە پوختکراونەتەوە، ڕێگایەکی گونجاوە بۆ شێکردنەوەی داتای توێژینەوە چۆنایەتییەکان. (Dawadi, 2020: 62)

### 5.3. بوارەکانی توێژینەوە:

بەگشتی توێژینەوەی زانستی دابەش دەبێتە سەر سێ بوار:

**بواری مرۆیی:**

ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە شارەزان لە بواری سیاسەت و لە بواری داڕشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتی نیشتیمانی، کە بەرپرسانی باڵای سیاسی، پسپۆڕانی ئەکادیمی بواری سیاسەت، هەروەها ئەوانەش، کە ڕۆڵێکی کاریگەر و باڵا لە وەزارەتی دارایی و وەزارەتی ناوخۆ دەگێڕن. هەروەک لەسەرەوە ئاماژە بەوە دراوە لێتوێژراوان ژمارەیان ١٤کەس بووە. لە لیستی سەرچاوەکان تەنها یەک چاوپێکەوتنمان وەک سەرچاوە ئاماژەپێداوە، بە کۆدی ژمارە (PI10.)، بۆ ئەوانی دیکەش تەنها کۆدی ژمارەکە دەگۆڕێت و زانیارییەکانی دیکە هەمووی وەکو خۆیان دەمێننەوە. هۆکارەکەش هەستیاریی بابەتەکەیە، چونکە زۆربەی لێتوێژراوان بەلایانەوە باشتر بوو ناویان تۆمار نەکرێت، بۆیە هەموو ناوەکان کراون بە کۆدی ژمارە، کە بریتییە لە کورتکراوەی (PI) بۆ (Personal Interview)، لەگەڵ ناوی ئەنجامدەری چاوپێکەوتن و مێژووی ئەنجامدانی چاوپێکەوتن و تاد.

**بواری کاتی:**

بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە، چەند کات پێویستبووە بۆ ئەوەی توێژەران بتوانن چاوپێکەوتنەکە، لەئاستێکی گونجاودا، بەپێی سەرپەرشتی زانکۆ، بەڕێوە ببەن. کەواتە بۆ ئەنجامدانی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە 14 "چاوپێکەوتن" ئەنجام دراون. ماوەی تێچوو بۆ تەواوکردنی چاوپێکەوتنەکان، لە مانگێک زیاتربووە کە لە ( 2025/5/1 تاکو 2025/6/6 ) درێژەی هەبووە.

**بواری جوگرافی:**

مەبەست ئەو ناوچە جوگرافییەیە، کە توێژینەوەکەی تێدا ئەنجامدراوە، کە بریتییە لە هەر چوار پارێزگای هەرێمی کوردستان.

**6.3. ئیتیکی توێژینەوە:** لەکاتی ئەنجامدانی توێژینەوە یەکێک لەو کێشانەی توێژەران ڕووبەڕووی بوونەتەوە بریتییە لە کێشەی ئەخلاق. بۆیە لەم بەشەی توێژینەوەکەدا کۆمەڵێک پرەنسیپ پێڕەوکراون، کە بریتین لە خۆبەدوورگرتن لە لایەنگری و کاریگەریی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، کە توێژەران بە کەسانێک دەبەستێتەوە و دوورکەوتنەوە لە بەرژەوەندییە سیاسی و دەستکەوتی

ماددی و گۆڕینی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، دەبێت زانیارییەکان وەک خۆی بخرێنەڕوو و نەشێوێندرێن، بە واتایەکی دیکە، ئاماژە بە ناوی سەرچاوە و نوسەر بکرێت ئەمە یەکێکە لە گرنگترین پرەنسیپەکانی ئیتیکی توێژینەوە. ( عبدالعزیز علي و هاوکارانی، ٢٠٢٠: ٣٤٦).

بەبێ گوێدانە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی چۆنایەتی، توێژەری چۆنایەتی ڕووبەڕووی زۆر پرسی ئەخلاق دەبێتەوە کە لە کاتی کۆکردنەوەی زانیاری لە مەیدانەکەدا و لە شیکردنەوە و بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتە چۆنایەتییەکان سەرهەڵدەدەن، هەر بۆیە لەژێر ڕۆشنایی ئەم خاڵانەی سەرەوە توێژەران هەوڵیان داوە خۆیان بەدوور بگرن لە کێشە ئەخلاقییەکانی توێژینەوە لەسەر ئەو بنەمایە توێژەران هەوڵیان داوە سەرەتا ڕەزامەندیی ئەو کەسە وەربگیرێت، کە دەبێتە نمونەی لێکۆڵینەوە و زانیارییەکانی بپارێزرێت لەلایەن توێژەرەوانەوە، جگە لەوەش دەبێت بەشداری نمونەی لێکۆڵینەوە بەشێوەیەکی ئازادانەبێت. بۆ ئەم مەبەستەش نمونەی لێکۆڵینەوەکەم بە ڕەزامەندی خۆی وەرگرتووە پێشتر پێم ڕاگەیاندووە، کە زانیارییەکانت بۆ مەبەستی زانستی بەکاردێت، توێژەر خۆی دوورگرتووە لە ناوزڕاندنی کەسەکان. (Creswell, 2007: 142).

## 7.3. تیۆری پرۆسەی بەشارستانیکردن: The Civilizing Process Theory

تیۆری پرۆسەی بەشارستانیکردن، کە ڕوانگەیەکی قوڵ و جیاوازی هەیە بۆ نیشتمانسازی و بیناکردنی نەتەوە، بنەما و ڕەگوڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵناسی بەناوبانگ نۆربێرت ئەلیاس. ئەلیاس لە ساڵی ١٩٣٩ دا کتێبێکی بڵاوکردۆتەوە بە ناوی (پرۆسەی بەشارستانیکردن). هەر لەڕێی بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبەیەوە تیۆری پرۆسەی بە شارستانیکردنی خستۆتەڕوو.( Mennell, Linklater, 2010: 384) بە بڕوای ئەلیاس بەشارستانیکردن بریتییە لە دابەزینی وردە وردەی توندوتیژی گشتی و زیادبوونی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگەدا، کە بەهۆی ناوەندگەرایی دەسەڵات لەناو دامەزراوەکانی دەوڵەتدا دێتەدی. هەروەها ئەلیاس وایدەبینێت بەشارستانیکردن پرۆسەیەکی درێژخایەنی گۆڕانکارییە لە ڕەفتار و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان، کە پەیوەستە بە گۆڕانکاری فراوانتر لە پێکهاتی دەوڵەت و پێکهاتە ئابوورییەکان و دینامیکی دەسەڵاتدا.( Linklater, 2004: 3)

هەروەها ڕاین پاوڵ(2014) سەبارەت بە پرۆسەی بەشارستانیکردن باس لەوە دەکات، قۆرخکردنی هێزە چەکدارەکان و سەرچاوەکانی داهات لەلایەن دەوڵەتەوە تەوەری سەرەکی ئەم پرۆسەی بەشارستانیکردنە بوون. ئاماژەی بەوەش کردووە، کە ئەلیاس باسی لەوە کردووە وردە وردە دەسەڵاتە کێبڕکێکارەکان لەناودەچن و یەک دەسەڵاتی قۆرخکاری(دەوڵەت) سەرهەڵدەدات، تەنها دەوڵەت مافی بەکارهێنانی هێز یا توندوتیژی و سەرچاوەکانی داهاتی هەیە، بەم شێوەیە کۆمەڵگەکان ئارامی و ئاسایشیان زیاتر دەبێت و تاکەکان توانای خوگرتنی ڕەفتاریان زیاتردەبێت (Powell, 2014). هەربۆیە لەدرێژەی ئەم باسەدا بە سەرنجدان بە پێناسەی پرۆسەی بەشارستانیکردن لە ڕوانگەی ئەلیاسەوە کە زۆر بەڕوونی دەڵێت" تیۆری پرۆسەی بەشارستانییکردن، وەک دەبینین بریتییە لە شوێنپێهەڵگرتنی پەیوەندییەکانی نێوان وردەکارییەکانی نێوان پەرەپێدانی ستاندارەە کۆمەڵایەتییەکان و خووی کۆمەڵایەتی لە لایەک و ئاستەکانی پێکهێنانی دەوڵەت، ئاڵقەکانی وابەستەبوونی ئاڵوگۆڕ، بەدیموکراسیکردنی وەزیفەگەرایی و پلەکانی ئارامکردنەوە لە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتدا لە لایەکی دیکەوە".( Dunning, Hughes, 2013: 76) بە وردبوونەوە لەچوارچێوەی ڕوانگەی ئەلیاس، بە گریمانەی ئەوەی کە دەوڵەت وەک قەوارەیەکی بێلایەنانە کار دەکات و پابەندە بە چاکەی گشتی. بەڵام لەهەمان کاتدا لەلایەکی دیکەوە کاتێک سەرچاوە ئەمنی و ئابوورییەکان لە دەستی چەند لایەنێکی سیاسییدا چڕ دەبنەوە و کۆنترۆڵیان دەکەن، ئەوا نەک تەنها دامەزراوەکانی دەوڵەت، بەڵکو ئەم لۆژیکە بەتەواوی پێچەوانە دەبێتەوە و شکست دێنێت. لەبڕی دروستکردنی ئاسایش و سەقامگیری، ئەوا دەسەڵاتی دەستەبژێرە سیاسییەکان بەسەر ئەم دوو سەرچاوانەدا، زۆرجار دەبێتە هۆی گەندەڵی سیاسی و سەرکوتکردن و شەرعییەتی دەوڵەت تێکدەدات.( Dolan, 2001: 1)

لەلایەکی دیکەوە پرۆسەی بەشارستانییکردن هەمیشە بەپێی پلان و سەرکەوتووانە ناچێتە پێشەوە. زۆرجار ئەم پلانانە دەست دەکەن بە هەڵوەشانەوە و شکستی پرۆسەی بەشارستانیکردن و دەبێتە هۆی تێکچوونی کۆمەڵگە و گەندەڵی سیاسی، دەتوانن تەنانەت ئاڵۆزترین سیستەمەکانیش ناسەقامگیربکەن، ئەو نۆرمانەی بەتێپەڕبوونی کات دامەزراون هەڵدەوەشێنەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی دابەزینی هاوسۆزی و وابەستەگی تاک و گروپەکان لەگەڵ یەکتری، کە دەتوانێت ببێتە هۆی سەرهەڵدانی توندوتیژی و لاوازبوونی یەکڕیزی کۆمەڵایەتی.( Powell, 2014) هەر بۆیە ئەلیاس وای دەبینێت هۆکاری سەرەکیی شکستی پرۆسەی بە شارستانیکردن دەگەڕێنێتەوە بۆ لاوازی دەسەلاتی دەوڵەت. چونکە ئاماژە بەوە دەکات لە کۆمەڵگەکانی سەردەمی مۆدێرندا، لەسەرووی هەمووشیانەوە ڕۆژئاوا، بە قۆرخکاریی هێزی فیزیکی و سەرچاوەکانی داهات تایبەتمەندە. ئازادی بەکارهێنانی ئەم دوو سەرچاوانە تەرخانکراون بۆ دەسەڵاتی ناوەند (Elias, 2000: 268). واتە ئەم دوو سەرچاوەیە لە دەسەڵاتی ناوەندییدا(دەوڵەت) چڕکراونەتەوە، چونکە هەردوو سەرچاوەی هێزی سەربازی و سەرچاوەکانی داهات دوو بوارن دەبێت لەژێر دەسەڵاتی ناوەندی دەوڵەتدا بن. ئەگەر یەکێکیان نەمێنێت ئەوا ئەوەی تر بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لەدوای نامێنێت. هەر بۆیە ئەلیاس پێیوایە کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات لەلایەن دەوڵەتەوە تایبەتمەندییەکی سەرەکییە، بۆ دروستبوون و گەشەکردنی کۆمەڵگەیەکی یەکگرتوو و هێزی سەربازییش زیاتر ڕێکخراوتر و دامەزراوەییتر دەبێت، پێچەوانەکەشی ڕاستە(Elias, 2000: 77). لەبەرئەوەی ئەگەر دەوڵەت دەسەڵاتی بەسەر ئەو دوو سەرچاوەیەدا نەبێت، ئەمە ڕێگری لە دەوڵەت دەکات بەشێوەیەکی کاریگەر ململانێ و گرژییەکانی نێو کۆمەڵگە ڕێکبخات، بەمەش ناسەقامگیری لە کۆمەڵگەدا بەردەوام دەبێت و دەبێتە هۆکارێک بۆ شکستی پرۆسەکە. (Fletcher, 1995: 286).

لێرەدا، جێبەجێکردنی تیۆری ئەلیاس سەبارەت بە پرۆسەی بەشارستانیکردن بۆ دۆخی هەرێمی کوردستان یارمەتیدەرە بەم جۆرە، بەپێی تیۆری پرۆسەی بەشارستانیکردنی ئەلیاس، مەرکەزییەت و قۆرخکردنی دەسەڵات بۆ پرۆسەی بەشارستانیکردن و دامەزراندنی سیاسەتێکی یەکگرتووی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستاندا هەم سەقامگیری سیاسی دروست بکات، هەمیش کۆتایی بەزۆر کێشەی هەڵواسراو دێنێت لەپێناو دروستبوونی سیستمێکی سیاسی مۆدێرندا، حیزبەکان بتوانن لەسایەی وەها سیستمێکدا واتە "لەسایەی دەستەڵاتی دەوڵەت" سیاسەتی خۆیان پەرە پێبدەن، نەک دەستەڵاتی دەوڵەت لەسایەی دەستەبژێری سیاسییەوە بتوانێت پارێزگاری لەخۆی بکات، کە ناشتوانێت بیکات، چونکە میکانیزمێک نابێت ببێتە چوارچێوە بۆ لەقاڵبدانی سیاسەتە نانیشتمانییەکان و بەرژەوەندی خەڵک و خاک.

## 4. شیکردنەوە و خستنەڕووی داتاکان:

## تەوەرەی یەکەم: هەرێمی کوردستان و نەبوونی سیاسەتێکی نیشتمانی.

لەدووتوێی تیۆریی پرۆسەی بەشارستانیکردن، کە دەتوانین بڵێین بەشارستانیکردن لێرەدا "سیاسەتێکی نیشتمانی تۆکمەیە بۆ نەتەوەیەک، کە هێشتا نەیتوانیوە لەپەراوێزی دەوڵەتە داگیرکەرەکان دەربچێت و خۆی نوێنەرایەتی خۆی بکات و ڕوانگەیەکی نیشتمانی بۆ ئایندەی خۆی دروستبکات. بۆ دروستبوونی ئەو ڕوانگەیە، واتە سیاسەتێکی نیشتمانی، دەستەبژێری سیاسی، لە چوارچێوەی حیزبە سیاسییەکاندا، بەتایبەتیش هەردوو حیزبی دەستەڵاتدار لە هەرێمی کوردستان، تا ئەو چرکەساتەش شکستیان هێناوە لەوەی جڵەوی دامەزراوەکان بخەنەخزمەت نیشتمان و کارکردن بۆ سیاسەتێکی نیشتمانی، کە هەموو گروپە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان کۆبکاتەوە و جۆرێک لە سەروەری بۆ نیشتمانی کوردستان دروست بکەن. لێرەدا بۆ ئەو توێژینەوەیە ئاماژە بەچەند داتایەک دەکەین، کە لە چاوپێکەوتنەکاندا بەدەست هاتوون

لێتوێژراوی حەوتەم، بە قەتعی وەڵامی "نەخێر"ی داوەتەوە و دەڵێت "سیاسەتی نیشتیمانی لە هەرێمی کوردستاندا نییە. ئەوەی ئێمە لە هەرێمی کوردستان دەیبینین تەنها فۆرمی دەرەکی دامودەزگاکانە بەڵام ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی نییە. هەرێمی کوردستان تەنها حکومەتی ناوچەیەکە لەناو دەوڵەتێکی فیدراڵی و توانای بڕیاردانی سەربەخۆیانەی نییە، هەروەها دابەشبوونی دەسەڵات *لە نێوان دوو حیزبی سەرەکی (پارتی و یەک□تی) و نەبوونی دەسەڵاتی یەکگرتوو بەسەر هەموو ناوچەکانی کوردستاندا، وا دەکات نەتوانرێت باس لە سیاسەتی نیشتیمانی بکرێت*". (PI 7, May 5, 2025). بە ڕوونی ڕوانگەی لێتوێژراو دەریدەخات؛ هەرێمی کوردستان هیچ دەزگایەکی موئەسەسەیی نەماوە و نەیتوانیوە بەرگری لە خۆی بکات، لە هێرشی دەرەکی وەک تورکیا، ئێران و عێراق، بۆیە ڕوانگەکەی دەقا و دەق هاوبەشە لەگەڵ تیۆری ئەلیاس، کە دەڵێت تا دەسەڵات لەدەستی دەستەبژێری سیاسی بێت سیاسەتی نیشتیمانی بوونی نابێت، لەبەرئەوەی لە بەرژەوەندی خۆیان دایدەڕێژن نەک بەرژەوەندی گشتی. هەروەها بەشداربووی چوارەم، بە ڕاشکاوی دەڵێت"زۆر بەلاواز دەیبینم یان نایبینم سیاسەتی نیشتیمانی". ئەم لێتوێژراوە پێی وایە کە "هۆکارە مێژوویی، سیاسی و کلتوورییەکان بوونەتە هۆی نەبوونی سیاسەتی نیشتیمانی لە هەرێمی کوردستاندا، بە تایبەتی دوای ڕووخانی سەدام حوسێن، سیستەمی بازاڕی نیولیبراڵی لە هەرێمی کوردستان گرتۆتەبەر، بازاڕ مەسەلەی نیشتیمانی کردۆتە پاشکۆ. نموونە سیستمی پەروەردەیی لە 14 ساڵی مامەڵەکردنم لەگەڵ *ئەو سیستمەدا، هیچ سیاسەتی نیشتیمانیم نەبینیوە، بەڵکو بەبازاڕیکردنی پەروەردەم بینیوە. تەنها لە کاتی ململانێی بەغدا و هەرێمدا، نیشتیمان وەک دروشم بەکاردێت بۆ بەردەوام بوونی دەسەڵاتی حیزبەکان*". (PI 4, May 8, 2025). ڕوانگەی لێتوێژراو دەریدەخات دەستەبژێرە سیاسییەکان، تەنها لەپێناو بەرژەوەندی خۆیان کاردەکەن و بەردەوام لەململانێدان، بۆیە هاوبەشە لەگەڵ ڕوانگەی تیۆری نۆربێرت ئەلیاس، کە پێی وایە تا ئەو ململانێیانە بەردەوامبن و کار بۆبەرژەوەندی خۆیان بکەن، ناتوانرێت سیاسەتێکی نیشتیمانی دروستبکرێت. لەلایەکی دیکەوە بەشداربووی هەشتەم، بە ڕاشکاوی دەڵێت؛ سیاسەتی حیزبی زاڵترە بەسەر سیاسەتی نیشتیمانی. (PI 8, May 5, 2025) جیاواز لە هەموو ئەو ڕوانگانەی سەرەوە لێتوێژراوی یازدە تاکە لێتوێژراوە، کە بەبێ پێچ و پەنا دەڵێت"بەڵێ حکومەتی هەرێمی کوردستان سیاسەتی نیشتیمانی هەیە. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ڕابردوو و بە تایبەتی ساڵی 1993 و دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەبینین کە بەڵێ سیاسەتی نیشتیمانی هەبووە. دروستکردنی پەرلەمان و حکومەت خۆی سیاسەتی نیشتیمانییە، هەروەها پەیوەندی نێودەوڵەتی هەرێم، دروستکردنی دامودەزگاکانی *یاسادانان و جێبەجێکردن، بەرهەمهێنانی داهاتی ناوخۆیی، سیاسەتی کشتوکاڵی و بەنداوەکان، هەموو ئەمانە دەچنە ناو چوارچێوەی سیاسەتی نیشتیمانییەوە. لە مێژوویی ڕابردوودا، ئەو هەوڵانە هەموویان هەوڵی نیشتیمانی بوون*". (PI 11, May 28, 2025). لێرەدا بەپێچەوانەی ڕوانگەی تیۆری ئەلیاسە سەبارەت بە هەوڵەکانی دروستبوونی سیاسەتی نیشتیمانی، چونکە ئەلیاس پێیوایە تا هێزە چەکدارەکان و سەرچاوەکانی داهات لە بن دەستی حکومەتی نەبن، ناتوانرێت سیاسەتێکی نیشتیمانی بوونی هەبێت. بەهەمان شێوە بەشداربووی دوازدە، سەبارەت بە سیاسەتی نیشتیمانی لە هەرێمی کوردستان ڕوانگەیەکی ئەرێنی و ئیجابی هەیە، پێچەوانەی هەموو بەشداربووانی دیکە، کە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەیان هەبوو جگە لە بەشداربووی یازدە (PI 11). ئەو بەشداربووەش؛ پێیوایە "هەر حکومەتێک بەبێ سیاسەتێکی نیشتیمانی یان گشتی ناتوانێت کارەکانی حوکمداری بەڕێوەبەرێت، بەم پێیە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش سیاسەتێکی گشتی و نیشتیمانی هەیە. هەر لەم ڕووەوە پێشخستنی سێکتەری وزە و نەوت و سەرچاوەکانی ئابووری وەک بەشێک لە سیاسەتی نیشتیمانی حکومەتی هەرێم. *وە خەسڵەتە سەرەکییەکانی ئەو سیاسەتە نیشتیمانییە وەک هەر دەوڵەتێکی دیکە لە پێشخستنی سێکتەرە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا دەبینین. بۆ نموونە، ئەو هەوڵانەی؛ لە بواری وزەدا دراون و ئەو هەوڵانەی کە حکومەتی هەرێم دەیدات، وەک بەشێک لە خەسڵەتەکانی هەرێمی کوردستان بۆگەیشتن بە ئاستێکی بەرزتر لە ڕووی ئابوورییەوە*". (PI12, May 30, 2025). هەموو ئەو هەوڵانە دراون، بەڵام

بەهۆی ململانێی بەردەوامی دەستەبژێران لەسەر ئەو سەرچاوانە و هەوڵیان بۆ قۆرخکردنیان وایکردووە، نەگەین بە سیاسەتێکی نیشتیمانی یەکگرتوو و لەخزمەتی بەرژەوەندی گشتی بێت. ڕێک بەپێچەوانەی ئەو ڕوانگەیە، لێتوێژراوی چوارەە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە و واقیعبینانە ڕەخنە لە سیاسەتی نیشتیمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگرێت. ئەو پێیوایە؛ "بنیادی سیاسەتی نیشتیمانی لە هەرێمی کوردستان لە ڕووی دامەزراوەییەوە بەهێز نییە. هەرێمی کوردستان کۆمەڵێک دەسەڵاتی جیاوازی هەن، هەندێک لەو دەسەڵاتانە دەسەڵاتی ئەمری واقیعن. بۆ نمونە زۆنی زەرد و زۆنی سەوز، کە ئەمە ئەنجامی شەڕی ناوخۆیە". (PI 14, June 1, 2025). ئەم بۆچوونە دەقا و دەق هاوبەشە لەگەڵ تیۆری ئەلیاس سەبارەت بە ململانێی دەستەبژێرانی سیاسی و کاریگەرییان لەسەر نەبوونی سیاستی نیشتیمانی.

## تەوەرەی دووەم: ڕۆڵی دەستەبژێری سیاسی لە شکستی سیاسەتی نیشتیمانی لە هەرێمی کوردستان.

شکستی سیاسەتی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکی نزیک بە هەژموونی دەستەبژێری سیاسییەوە هەیە. ئەم دەستەبژێرانە بە تایبەتی ئەوانەی لە حزبە دەسەڵاتدارەکاندان، بەرژەوەندی کەسی و حزبییان لە پێشینەی یەکگرتوویی نیشتمانی داناوە. کۆنترۆڵکردنیان بەسەر دامودەزگاکان و چوارچێوە یاساییەکان و هێزە ئەمنییەکان و سەرچاوە داراییەکاندا، ڕێگری لە پێکهێنانی سیاسەتێکی یەکگرتوو و هاوڵاتی سەنتەر کردووە. لاوازی کۆمەڵگەی مەدەنی و دامەزراوە گشتییەکان، زیاتر ڕێگەی بەم دەستەبژێرانە داوە بەبێ کۆنترۆڵ و بەبێ سنور کاربکەن. لە ئەنجامدا حوکمڕانی هەر بە پارچەپارچەیی ماوەتەوە و کێبڕکێی سیاسی جێگەی پلانی نیشتیمانیی هاوئاهەنگ دەگرێتەوە، دواجار ڕێگری لە سەقامگیری و دیموکراسی و گەشەسەندنی درێژخایەن لە هەرێمی کوردستان دەکات. بۆ ئەم مەبەستە ڕوانگەی لێتوێژراوان سەبارەت بە ڕۆڵی دەستەبژێری سیاسی، لە نەبوون یاخود شکستی سیاسەتی نیشتیمانی لە هەرێمی کوردستان بەم شێوەیە دەخەینەڕوو:

لێتوێژراوی هەشتەم، دەڵێت "بەربەستی ڕاستەقینەی سیاسەتی نیشتیمانی لەناو دەستەبژێری دەسەڵاتدارادایە، کە بەشێوەیەکی سیستماتیک دەسەڵاتیان بەکارهێناوە بۆ ڕێگریکردن لە سەرهەڵدانی حوکمڕانی یەکگرتوو بەهۆی بەرژەوەندییە ماددییە تایبەتی و خۆپەرستەکانیانەوە"(PI 8, May 18, 2025). ئەمەش وادەکات سیاسەتێکی نیشتیمانی یەکگرتوو لە هەرێمی کوردستان شکست بهێنێت لەبەر هەژموونی دەستەبژێری سیاسی، کە ڕێگرە لە دروستبوونی لەپێناو گەیشتن بەبەرژەوەندییەکانی و مانەوەی هەژمونی لەو پێگە و دەسەڵاتەی تیایەتی. هەروەک لێتوێژراوجەخت لەوە دەکاتەوە، کە "چوارچێوە یاسادانان و یاساییەکان لە کوردستان بۆ خزمەتی پێداویستییەکانی حزبە دەسەڵاتدارەکان بنیات نراون، بەمەش ڕێگری لە دامەزراندنی دەستوورێکی مەدەنی و یاسای یەکگرتووی نیشتیمانی کراوە"(PI 8, May 18, 2025). شیکارییەکانی لێتوێژراو ڕاستەوخۆ لەگەڵ تیۆری پرۆسەی بەشارستانیکردن هاوتەریبن بە خەختکردنەوە لەسەر قۆرخکردنی بەرژەوەندییە ماددییەکان و ڕێگریکردن لە سەرهەڵدانی حکومڕانی یەکگرتوو و خزمەتکردن لەپێناو بەرژەوەندی گشتی، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە قۆرخکردنی دەسەڵاتی یاسایی و دامەزراوەیی لەلایەن دەستەبژێرە دەسەڵاتدارەکانەوە، پارچەپارچەبوونی دامەزراوەیی کردووە. ڕوانگەی لێتوێژروا لە ڕەخنەیەکی پێکهاتەییدا دامەزراوە و جەخت لەوە دەکاتەوە کە باڵادەستی سیاسی لە خودی سیستەمەکانی حوکمڕانی ناوچەکەدا چەسپاوە.(Dolan, 2011: 1)، هەر لە نزیکی هەمان ڕوانگەوە بەهەمان شێوە لێتوێژراوی دووەم، ڕوونکردنەوەیەکی پێکهاتەیی-سیاسی بۆ دەسەڵاتی دەستەبژێردەدات و دەڵێت، کۆنترۆڵی دەستەبژێری سیاسی بەسەر سەرچاوەکاندا- وەکو سامان، چەک، میدیا، پشتیوانی گشتی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان- کاریگەرییەکانیان بەربڵاو دەکات. ئەو ڕوونیدەکاتەوە، "لە چوارچێوەیەکدا کە دامەزراوەکان لاوازن و بوونەتە کەرەستەی دەسەڵاتی دەستەبژێر، دەستەبژێرەکان ڕۆڵێکی باڵادەست دەگێڕن لە دارشتنی (یان ڕێگریکردن) لە سیاسەتی نیشتمانیدا". (PI 2, May 2, 2025) بەمانای ئەوەی دەستەبژێری سیاسی لەڕێگەی هەژموونی بەسەر دامەزراوەکاندا دەسەڵاتی بڕیاردانی هەیە، بەو جۆرەی، کە بەرژوەندییە تایبەتیەکانی چۆن دەخوازێت بڕیاردەدات بەمەش ڕێگری دەکات لە دروستبوونی سیاسەتێکی یەکگرتوو و دروستبوونی دامەزراوەیی نیشتیمانی. ڕوانگەی لێتوێژراو ڕێک لەگەڵ بیرمەندی بەناوبانگ نۆربێرت ئەلیاسدا هاوتەریبە، بە تایبەت لەو کۆمەڵگایانەی، کە لاوازی دامەزراوەیی ڕێگە بە تۆڕەکانی دەستەبژێری نافەرمی دەدات، کە پێکهاتە فەرمیەکانی حوکمڕانی بەسەردا بسەپێنن. لێتوێژراو کوردستان وەک حاڵەتێکی کلاسیکی دەستبەسەرداگرتنی دەستەبژێر دەخاتە ڕوو، کە سەرچاوە و دامەزراوەکانی دەوڵەت خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی دەستەبژێر دەکەن، نەک ئەولەویەتەکانی نەتەوەیی بەکۆمەڵ. (1994 .(Elias,

لەلایەکی دیکەوە جیاواز لەوانی تر سەبارەت بە ڕۆڵی دەستەبژێری سیاسی لە نەبوونی سیاسەتی نیشتیمانی، لێتوێژراوی نۆیەم، بیر لە گۆڕانی سروشتی دەستەبژێری سیاسی دەکاتەوە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە لە کاتێکدا ڕەنگە کەسایەتییە سیاسییەکان کاریگەر دەرکەون، بەڵام دەسەڵاتی ڕاستەقینە لە بازنەیەکی بچووکی سەرکردەکاندا دایە - زۆرجار خێزانەکان - لە لوتکەی پارتە گەورەکاندا. بۆیە ڕەخنە لەوە دەگرێت و ڕوونیدەکاتەوە کە سیاسەتی نەتەوەیی نەک بە کۆدەنگییەکی سیاسی فراوان، بەڵکو بە ئیرادەی سەرۆک حیزبەکان و کەسە نزیکەکانیان لە قاڵب دەدرێت.(PI 9, May 20, 2025) ئەمەش دەرخەری نەبوونی سیاسەتی نیشتیمانییە لە هەرێمی کوردستان، کە بەهۆی هەژموونی دەستەبژێری سیاسییەوە شکستی هێناوە، لەبری ئەوەی لەخەمی بەرژەوەندی گشتی بن، بەپێچەوانەوە لەخەمی گواستنەوەی دەسەڵاتەکانیان لەڕێگەی میراتەوە و بۆخۆیان قۆرخکردووە ، ئەمەش مانای نەبوونی دامەزراوەیی یاسایی و مەرکەزی دەگەیەنێت. بە واتایەکی تر ڕوانگەی لێتوێژراو ئەوە دەردەخات، حوکمڕانی لە دەوری دڵسۆزی کەسی و پەیوەندییە خێزانییەکان کۆدەبێتەوە نەک نۆرمەکانی دامەزراوەیی. ئەو "هاوڕایە سیاسییەکان ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەگێڕن لە تێکدانی سیاسەتی نیشتیمانی بە ناوەندکردنی دەسەڵات و پەراوێزخستنی چوارچێوە دامەزراوەییەکان". (PI 9, May 20, 2025) ڕوانگەی لێتوێژراو دەقا و دەق ڕەنگدانەوەی تیۆری ئەلیاسە، کە

سەروەری ڕاستەقینە زۆرجار لەلایەن دەستەبژێرێکی ناوەندییەوە بەدەستەوەیە، نەک لە نێو زۆر کەسدا بڵاوبێتەوە. هەروەها نەبوونی کۆدەنگییەکی سیاسی فراوان و دارشتنی سیاسەتی نیشتیمانی بە ئیرادەی چەند دەستەبژێرێک، دەنگدانەوەی چەمکی قۆرخکاریی ئەلیاسە، کە گروپە دەستەبژێرەکان نەک تەنها دەسەڵاتی هێزی سەربازی، بەڵکو کاریگەریی ڕەمزی و دامەزراوەیی کۆنترۆڵ دەکەن، بەمەش ڕێگری لە حوکمڕانی گشتگیر و پەرەپێدانی سیاسەتێکی نیشتمانی یەکگرتوو دەکات. ئەم چڕبوونەوەی دەسەڵاتە دەبێتە هۆی وەدەرنانی بەشداریکردنی فراوانتر لە بڕیاردانی سیاسیدا، کە ئەلیاس وەک بەربەستێک لە بەردەم سیاسەتێکی نیشتیمانی یەکگرتوو. ( Dunning, Hughes, 2013: 97)، بەڵام لێتوێژراوی دەیەم، بۆچوونی جیاوازتر لەوانی تر دەخاتەڕوو، ڕەخنەیەکی فراوان بەڵام جەختکەرەوە لە هەموو لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان پێشکەش دەکات. ئەو شکستی بەربڵاو لە دارشتنی سیاسەت و ڕەوتی کۆچکردندا دەخاتە ئەستۆی ئایدۆلۆژیا و شێوازی حوکمڕانی ئەو حیزبانە. بە وتەی ئەو، "دەستەبژێری سیاسی بەهاگەلێکیان چاندووە، کە پاراستنی کەسی و حزبی لە پێشینەی یەکگرتوویی نیشتمانی دادەنێت، هاوڵاتییان پاڵدەنێت بۆ نائومێدی و کۆچکردن". (PI 10, May 26, 2025). ئەمەش دەریدەخات هاوڵاتیان متمانەیان نەماوە و نائومێدبوونە لەبەدیهاتنی بەرژەوەندی گشتی بەهۆی چڕبوونەوەی دەسەڵات لەدەستی دەستەبژێرە سیاسییەکان. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بۆچوونە ڕێک لەگەڵ تیۆری نۆربێرت ئەلیاسدا هاوتەریبە، کە جەخت لەسەر گرنگی ناوەندکردنی دەسەڵات و پەروەردەکردنی یەکگرتنی نەتەوەیی درێژخایەن دەکاتەوە بەسەر بەرژەوەندییە کەسییەکانەوە، بۆیە ڕەنگدانەوەی ڕوانگەی ئەلیاسە، کە ئەم جۆرە ڕەفتارانە ڕێگری لە پێکهێنانی نەزمێکی سیاسی یەکگرتوو دەکات(Van Krieken, 2001: 11 &12). لە ئەنجامدا ناسەقامگیری گەشەدەکات و هاوڵاتیان متمانەیان لەدەستدەدەن، ئەمەش دەبێتە هۆی دەرئەنجامەکانی وەک کۆچ و شکستی سیاسەتی نیشتیمانی لە هەرێمی کوردستان. هەروەها بە بۆچوونی لێتوێژراو "شکستی سیاسەتی نیشتیمانی تەنیا خەتای ئەو دەستەبژێرە سیاسییە دەسەڵاتدارە نییە، کە دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە، بەڵکو لە کێشەیەکی فراوانترەوە سەرچاوە دەگرێت، کە کاریگەریی لەسەر هەموو پارت و ئایدۆلۆژیا سیاسییەکانی ناو سیستەمەکە هەیە"(PI 10, May 26, 2025). بۆیە ئەم شکستە ئایدیۆلۆژییە لەوانەیە نەبوونی ئامانجی نیشتمانیی ڕوون، پابەندبوون بە بەها دیموکراسی و گشتگیرەکان یان بنەما هاوبەشەکان لەخۆبگرێت. لە ئەنجامدا پارچەپارچەبوونی سیاسی و بەرژەوەندییە کورتخایەنەکان و نەبوونی یەکگرتوویی نەتەوەیی بەردەوامن لە تێکدانی پەرەسەندنی سیستەمێکی سیاسی سەقامگیر و کاریگەر. ئەمەش ڕەنگدانەوەی ڕەخنەیەکی ئەخلاقییە، کە جەخت لەسەر گرنگی کولتوری سیاسی و بەها دیموکراتییەکان دەکەنەوە لە پەرەپێدانی سیاسەتدا. ئەم چاوپێکەوتنەی "لێتوێژراوی دەیەم" لە لیستی سەرچاوەکان دانراوە وەک بەڵگەیەک بۆ سەلماندنی پێ لایەنی توێژەر.

## 5. ئەنجامەکان:

1. لە هەرێمی کوردستاندا لە کاتێکدا دامەزراوە فەرمیەکانی حکومەت هەن، بەڵام دەسەڵاتی جەوهەری و یەکگرتووییان نییە. سیاسەتی نیشتمانی یەکگرتوو نییە. هەرێم لە ژێر حوکمڕانی پارچەپارچەدا کاردەکات، کە دامەزراوەکان تا ڕادەیەکی زۆر ڕەمزین و پەیوەندیان بە بڕیاردانی ناوەندییەوە پچڕاوە. ئەم لاوازییە دامەزراوەییە ڕێگرییەکات لە پێکهاتن و جێبەجێکردنی سیاسەتی نیشتمانی کاریگەر و ستراتیژی.
2. پارتە سیاسییەکان کۆنترۆڵی باڵادەست بەسەر دەوڵەتدا دەسەپێنن، دامەزراوە گشتییەکان دەخەنە ژێر دەستی بەرژەوەندییە حزبییەکانەوە. پێکهاتەکانی حوکمڕانی بە شێوەیەک لە قاڵب دراون لەبری خزمەتکردن بە ئەولەویەتەکانی نیشتیمانی خزمەت بە ئەجێندای حزبی بکەن، ئەم زاڵبوونە ڕێگری لە پەرەپێدانی سیاسەتی بێلایەنانە دەکات و ئۆتۆنۆمی دامەزراوەیی لاواز دەکات و ڕۆڵی دەوڵەت دەکاتە درێژکراوەی کوتلە سیاسییەکان، نەک میکانیزمێکی سەربەخۆ بۆ خزمەتکردنی چاکەی گشتی.
3. هەرێمی کوردستان بەدەست پارچەپارچەبوونی دامەزراوەییەوە دەناڵێنێت، حوکمڕانی دابەشکراوە لە نێوان ناوچە سیاسییە جیاوازەکاندا، کە لەلایەن لایەنە جیاوازەکانەوە کۆنترۆڵکراون. ئەمەش سیستمی دەسەڵاتی هاوتەریبی دروستکردووە کە سەربەخۆ لە یەکتر کاردەکەن. ئەم جۆرە دابەشبوونە پەرەپێدانی پێکهاتە ئیدارییە یەکگرتووەکان تێکدەدات و دارشتنی سیاسەتی هاوئاهەنگ لە سەرانسەری ناوچەکەدا نزیکە لە مەحاڵ، ئەمەش کارایی دەوڵەت زیاتر لاوازدەکات.
4. دەستەبژێری سیاسی لە ڕێگەی کۆنترۆڵکردنی یاسادانان، میدیا، هێزە ئەمنییەکان و سەرچاوەکانی داهات سیستەمێکیان دامەزراندووە کە چوارچێوە دامەزراوەییەکان بۆ بەردەوامبوونی دەسەڵاتیان دارێژراون نەک خزمەت بە بەرژەوەندیی گشتی. ئەم دەستبەسەرداگرتنی دەستەبژێرە بەربەستە پێکهاتەییەکانی بەردەم دارشتنی سیاسەتی کاریگەر و یەکگرتوویی نیشتمانی چەسپاندووە و ڕێگری لە سەرهەڵدانی مۆدێلێکی حوکمڕانی یەکگرتوو دەکەن.
5. زۆرجار بڕیاردان لە هەرێمی کوردستان بەهۆی پەیوەندیی کەسیی و دڵسۆزی بۆ تاکەکانەوە دەروات نەک ڕێسای دامەزراوەیی. ئەم بەکەسایەتیکردنی دەسەڵاتە لەگەڵ نەبوونی کولتوری سیاسی دیموکراسی، بووەتە بەربەست لە پەرەپێدانی ستراتیژیە نەتەوەییەکان، جگە لەوەش، بناغە ئیدیۆلۆژییەکانی حزبە دەسەڵاتدارەکان، مانەوەی ناوخۆیی لە پێشینەی ئامانجە نیشتمانییە درێژخایەنەکاندا دادەنێن، ئەمەش بۆشایی سیاسەت قووڵتردەکاتەوە.
6. ئەگەر دەستەبژێرە سیاسییەکان ئەولەویەتەکانیان لە قازانجی شەخسی و حزبییەوە بگۆڕن بۆ گەشەپێدانی نیشتیمانی و بەهێزکردنی دامەزراوەیی، ئەوا پێشکەوتن مسۆگەرە. ئەمەش پێویستی بە گۆڕانکاری لە کولتوری سیاسی دەستەبژێر و پابەندبوون بە حوکمڕانی

درێژخایەن لە دەرەوەی بەرژەوەندییە کوتلەییەکان دەبێت، کە بوار بۆ سەرهەڵدانی سیاسەتی نیشتیمانی لە هەرێمی کوردستان دەرەخسێنێت. بەو واتایەی لە ڕێگەی ئەم پابەندبوونەوە دەتوانرێت حوکمڕانییەکی سەقامگیر و کاریگەر سەرهەڵبدات.

## 6. ڕاسپاردەکان:

1. بە دامەزراوەییکردنی هێزە چەکدارەکان لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەت، پێویستە ئەم پرۆسەیە بە چوارچێوەیەکی یاسایی ڕێنمایی بکرێت، کە شەفافیەت و لێپرسینەوە و پیشەیی بوون لە پێکهاتەی سەربازیدا مسۆگەر بکات و کاریگەریی لایەنە سیاسییەکان لەسەر بابەتە ئەمنییەکان کەم بکاتەوە، بۆ بەرزکردنەوەی سەقامگیری نەتەوەیی.
2. دامەزراندنی سیستمێکی شەفاف بۆ بەڕێوەبردنی داهات، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان داهاتەکان لەلایەن دەزگایەکی دارایی سەربەخۆوە بەڕێوەببات بۆ ڕێگریکردن لە دەستتێوەردانی حیزبی و تەرخانکردنیان لەپێناو بەرژەوندی خۆیان نەک نیشتیمان.
3. حکومەتی هەرێمی کوردستان لەپێناو دروستکردنی سیاسەتێکی نیشتیمانی یەکگرتوودا، گرنگە هەوڵی وەبەرهێنان لە بنیاتنانی گوتارێکی نەتەوەیی یەکگرتوودا بکات.
4. پێویستە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، زانکۆکان و دامەزراوە سەربەخۆکانی توێژینەوە بەهێز بکرێت بۆ ئەوەی وەک چاودێرێک کاربکەن بۆ لێپرسینەوە لە دەستەبژێرە سیاسییەکان، پەرەپێدانی چاکسازی درێژخایەنی حوکمڕانی.

## سەرچاوەکان:


1 . پەروین سازگارا (٢٠٠٣) □□□□□□□□□□ □□ □□□□□□□□□□□□□□. و: جەواد مستەفا ستۆپەیی، چاپی یەکەم، هەولێر، دەزگای موکریانی.

2 . توانا عثمان محمدآمین (**2021**) ڕۆڵی دەستەبژێری سیاسی لە گەشەپێدانی کۆمەڵگا. *گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان*، ٢٥ (٤)، ١٢٧ – ١٤٠.

3 . تی. بی. باتامۆر (٢٠٠٨) *ئیلیتەکان وکۆمەڵگا*. ناسر ئیبراهیم زادە، جاپی یەکەم، دهۆک، دەزگای موکریانی.

4 . خەسرەو پیربال (٢٠٠٢) *ئابووری هەرێمی کوردستانی عێراق*. ئیسماعیل خەلیل ئیسماعیل، چاپی یەکەم، هەولێر، وەزارەتی ڕۆشابیری و هونەر هەرێمی کوردستان.

.5 عبدالعزیز علي خزاحلة و هاوکارانی (٢٠٢٠) دەروازی کۆمەڵناسی. توانا فریدون، چاپی ددوەم، نیە، چاپخانەی مێخەک

.6 فوئاد سدیق ( ٢٠١٥) *قەیرانی کۆمەڵگە و حزبە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان*. چاپی یەکەم، هەولێر، بەڕێوبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری.

.7 مایکڵ ڕۆبن (٢٠١٦) *هەستانەوەی کوردستان؟*. پشتیوان فەرەج، چاپی یەکەم، نییە، ئەمریکان ئینتەپایز ئینیستیتوت.

.8 بن عيسى إسلام (2018). *دور النخبة في رسم السياسة العامة: نموذج غرفة التفكير*. ماجستر. جامعة محمد خيضر بسكرة- كلية الحقوق والعلوم السياسية.

.9 زردومي، ع **(2017)** .*دور النخب العسكرية في الحياة السياسية العربية: الجزائر أنموذجاً* .مجلة العلوم السياسية، العدد 16، ص. **565-550**.

.10 ميسون محمد أحمد عمير (2012) النخب السياسية الفلسطينية وأثرها على الوحدة الوطنية (نخبة المجلس التشريعي الفلسطيني الثاني نموذجا**)**.ماجستر. جامعة النجاح الوطنية.

.11 هبة علي حسين**(** ٢٠١٨**)** دورُ النخبةِ السياسيَّة والمثقفِ السياسي في التحوّلِ الديمقراطيِ **(** العراق أنموذجاً**)**. مجلة حمورابي، **6 ( 27-28)** ، ص ص٤_ ١٨.

.12 محمد صالح حسين زاده، بهرام بیات، مهرداد نوابخش (**2018**) تحلیل جامعه ضناختی نقص و کارکزد اجتماعی نخبگان سیاسی (قدرت) در ارتقاء امنیت ملی جمهوری اسلامی ایران. فصلنامه علمی پژوهشی مطالعات امنیت اجتماعی، ٣١، ١٢١– ١٤٣.

**13.** Anderson, J. E. (2003*). Public policymaking: An introduction. Boston*: Houghton Mifflin Company, pp. 1 – 34.

**14.** Arana, I. (2017) 'Comparative political elites', in Farazmand, A. (ed.) *Global encyclopedia of public administration, public policy, and governance*. Springer International Publishing.

**15.** Berg, B. L., (2001). Qualitative research methods for the social sciences. 4th ed. Boston: Allyn and Bacon.Best, H. and Higley, J (2018) The Palgrave handbook of political elites: Introduction (pp. 1-6). Palgrave Macmillan UK.

**16.** Çelenk, A.A. and Deniş, H.E., 2020. Political Hegemony and Media: A Comparative Analysis of Single-Party Governments in Turkey. Analytical Politics, 1(1), pp.1-17.

**17.** Creswell, J.W., 2007. *Qualitative inquiry and research design: Choosing among five approaches*. 2rd ed. Thousand Oaks: SAGE Publications.

**18.** Dawadi, S, 2020. Thematic analysis approach: A step by step guide for ELT research practitioners. *Journal of NELTA*, *25*(1-2), pp.62-71

**19.** De Rover, C. (1999). 'Police and security forces: A new interest for human rights and humanitarian law', *International Review of the Red Cross*, 81(835), pp. 637-648.

**20.** Dolan, Paddy (2011) 'Civilizing processes', in D. Southerton (ed.) Encyclopedia of Consumer Culture. London: Sage Publications.

**21.** Dunning, E. Hughes, J (2012). Norbert Elias and Modern Sociology: Knowledge, Interdependence, power, process. 1st ed, London, Bloomsbury Academic.

**22.** Dye, T.R., 1992. Understanding public policy. (No Title).

**23.** Elias, N (2000) The Civilizing Process: Sociogenetic and Psychogenetic Investigations. 2nd ed, London, Blackwell**.**

**24.** Elias, N. 1994. *The Civilizing Process*. Oxford: Blackwell.

**25.** Gunter, M.M. **(**2011**)** Security Forces of the Kurdistan Regional Government. *The Middle East Journal*, 65(3), pp.508-509.

**26.** Jonathan Fletcher (1995) Towards a Theory of Decivilizing Processes. Amsterdams Sociologisch Tijdscherift , 22(2), pp. 283-296.

**27.** Linklater, A (2004) Norbert Elias, the 'civilizing process' and the sociology of International Relations. International Politics, 41, pp.3-35.

**28.** Linklater, A. and Mennell, S (2010) Norbert Elias, the civilizing process: Sociogenetic and psychogenetic investigations—an overview and assessment. History and theory, 49(3), pp.384-411.

**29.** Peters, B.G., 2021. Advanced introduction to public policy. Edward Elgar Publishing.

**30.** PI 10., (May 26, 2025). Interview by Helin Shahab. In Appendix A of Author's master's thesis. University of Soran

**31.** Powell, Ryan S. (2014) The Civilizing Process. Forsyth, C.J. and Copes , H. (editors). Encyclopedia of Social Deviance. Sage Publications, pp. 1-7**.**

**32.** Prentki, T. and Preston, S. eds., 2009. *The applied theatre reader* (p. 9). London: Routledge.

**33.** Saleem, Z.A., 2025. Insecure Leaders: How Elite Infighting May Facilitate the End of Iraq's Kurdistan Region.

**34.** Schenoni, L.L., 2019. Hegemony. In *Oxford Research Encyclopedia of International Studies*.

**35.** Seidman, I (2006) Interviewing as qualitative research: A guide for researchers in education and the social sciences. 3rd ed.New York: Teachers College Press.

**36.** Sharan,B (2009) Qualitative research; A guide to design and implementation. Wiley.

**37.** Sherwani, K.H. and Ahmed, W., 2023. An exploratory study of economic factors that hinder economic development of Kurdistan region. *International Journal of Social Sciences & Educational Studies*, 10(1), pp.82-92.

**38.** Stansfield, G. (2003). *Iraqi Kurdistan: Political Development and Emergent Democracy*. Routledge

**39.** Van Krieken, R (2001) Norbert Elias and process sociology. In *Handbook of social theory* (pp. 353-368). SAGE Publications Ltd.

Available online at http://aran.garmian.edu.krd

ARAN JOURNAL
For Languages and Humanities

**Aran Journal for Language and Humanities**

https://doi.org/10.24271/ARN.2025.01-02-12

# The impact of political elite hegemony on national policy in the Kurdistan Region

## [Extracted from MA Thesis]

**Helin Shahab Sleman, Ibrahim Sadiq Malazada**

Department of Sociology, College of Arts, Soran University, Kurdistan Region – Iraq

| Article Info | |
|---|---|
| Received | **July, 2025** |
| Accepted | **August, 2025** |
| Published: | **October,2025** |

**Keywords**

**Keywords: hegemony, political elite, national policy, security forces, economic resources.**

**Corresponding Author**

Helin.sleman@soran.edu.iq
ibrahim.sadiq@soran.edu.iq

## Abstract

“National policy is a broad course of action, or a set of directed details adopted by the government at the national level to achieve national goals”. In this context, national policy is a set of plans and demands for the highest interests of the country. National policy includes many areas, but two areas that security forces and revenue sources are the main reasons for the formation of a unified national policy in the Kurdistan Region and these two sources are monopolized by the political elite Therefore, the aim of this study is to find out the obstacles that the Kurdistan Regional Government has not been able to monopolize the armed forces and the economy and why the political elite wants to continue to dominate these areas. In this study, data were collected through interviews, relying on thematic analysis method to analyze the data. The main findings of the study showed that the lack of authority of the Kurdistan Regional Government over the security forces and revenue sources has created a situation of political division and institutional weakness. Political elites maintain this situation to protect their interests, prevent the formation of a unified national policy and destabilize public stability. These results suggest that the Kurdistan Regional Government's inability to control security forces and revenue sources has led to deep political divisions and weakened institutions. This division is perpetuated by political elites seeking to protect their own interests. In so doing, they hinder efforts to establish a unified national policy.